# ئەم بەهارەش بمبەخشە

**پێشکەشە بە ( تەرزەخانی کچم )**

**کەژاڵ ئیسماعیل**

دەبمبەخشە ..
ئاخر زەمەن وایە
ئەوە نییە کەنارییەکان لەباوەشی ئەشق
ئەتۆرێنێ و..
نەورەسەکان لەدەریا !
پێش چەن ڕۆژێک
لەهەڵەبجە ڕۆح ئەباری و
لەگەرمییان ئەنفال ئەکران
ئەمە قەدەرە ..
چ قەدەرێک ئەزیزم
کێ حەز بەنابینایی ئەکات ؟
چ قەدەرێک .. ؟
هەناسەکانمانی بەخشییە غوربەت و
سەماکانمانی سپارد بە مەرگ
با بەهار بێت
ئەو نازانێت ..
من .. و تۆ
ئێمە.. و هەموومان
یەکەم ڕۆژی ئەگرین و
دووەم ڕۆژی ئەگرین و
تا دوا ڕۆژی
بۆنی نێرگز .. گوزەر ناکا بەلاماندا

باڵای شیعرم ڕەشەو
ووشەکانم خنکاو
بەهار ..
بەهار دێت و بۆنی چاوەڕوانی پێیە
جامی دەستی پڕ لە شەرابێکە
تاڵ .. تاڵ
تاڵتر لەو شەوانەی تەنهایی ناخمان ئەخوات و
بەناچاری بەدەم خەووەوە
ئاواز بۆ گەڕانەوە ئەچڕین

ئای کەنامۆین ئەزیزم
نامۆتر لەو دەشتانەی بارانیان لێنابارێت
ئای کەمەحزونین گوولّم
مەحزونتر لەو منالآنەی ئێستاش
دەمیان وا بەگۆی سێویێکەوە
لەو ژنانەی فریانەکەوتن دوا چرپە بکەن
بەگوویێی کانییەکا
بەهار ..
بەهار دێت و باران ئەبارێنێت
بارانێک .. تورە
تورەتر لەگلەییەکانی تۆ
کچێ گوولّم
بەهار بێت و پڕ دونیا بکا لەگوولّ
بەمن چی ..
کەگوولّدانەکەم خالّی و
گەردنم گوولآوی هەناسەتی لێنەپرژێت
ئەزانی ئەمرۆ ..
بەفر باری
تەرزەباری !؟
*( ئای لەتەرزە .. وای لەتەرزە بالآی بەقەد گەنم بەرزە
ڕەنگو ڕووی وەک بەفر وایە .. کچی شیعرو مۆسیقایە
لەجیاتی تەرزەی دەنک ڕەق .. گوولّە گەنمی جوانی پێیە
ئەلّێی شنە بای دەم ڕێیە )
ئەو دەنکە تەرزانە ئەشقم ئەتۆرێنن
فێرە گریانم ئەکەن و
نابنە هاوڕێم
من ئەمەوێت تۆ بباریێ
دەنک .. دەنک
بتهۆنمەوەو بتنێمە گەردنی
ئەم قەسیدەیە
چاوەڕێبە ..
گوولّەبەیبوونم ڕاسپاردوە سەردەرنەکا
بەسەیرانم ووتوە
خۆی ساز نەداو
بەهاریش ئەورۆژە بۆمن دێت
کەپڕ لەباخەلّی ماچی تۆم بۆ بێنێت و
پڕ بە چاوەکانی نیگای نازت

ئاخر گوولێ ..
بمبەخشە تا ئەو ساتەی ئەتنێمە ئامێزم و
بەچرپەکەی جاران پێت ئەڵێم
*( ئای لەتەرزە .. وای لەتەرزە .. باڵای بەقەد چنار بەرزە
ڕەنگو ڕووی وەک بەفر وایە .. کچی ئاوازو سەمایە
لەجیاتی تەرزەی دەنک ڕەق گوولە نێرگزی پێیە
ئەڵێی شنە بای دەم ڕێیە )

..........................................

* پارچە شیعرێکە بەمنداڵی بۆ تەرزەم نووسیوە .